خەبات
www.xebat.net
چوارشەممە 2018/5/16 ژمارە (5512)

## گوتەبێژی پارتی لە سلێمانی:

# بەڵگەی زۆرمان لەبەردەستدایە کە دەنگەکانی پارتی لە سلێمانی دەستکاری کراون



گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی _هەڵەبجە گوتی، چەندین بەڵگەمان لەبەردەستدایە کە دەستکاریی ئەنجامەکانی دەنگدانی ئێمە کراوە و ئەوەی ڕاگەیەندراوە دەنگی ئێمە نین، چونکە بۆ دڵنیایی تەنیا سندووقێکی دەنگدان بەدەست ژمێردراوە 39 دەنگی پارتی بووە تەنیا یەک دەنگی بۆ حیساب کراوە.

لە سنووری سلێمانی هەموو لایەنەکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕەتدەکەنەوە و باس لەوە دەکەن دەستکاریی سیستەمی دەنگدان کراوە و دەنگی هەموو لایەنەکان لە بەرژەوەندیی یەک لایەن کەم کراون و ئەنجامەکانیش ڕەت دەکەنەوە. گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی _هەڵەبجە، شێخ عەتا شێخ حەسەن، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: هەر لە سەرەتاوە ئێمە نەک بە ئەنجامەکان ڕازی نەبووین، بگرە باسمان لەوە کردووە قابیلی قبووڵ نییە و ئەو ئەنجامانە دەستکاری کراون و جۆرێکە لە دزیکردن و بێڕێزیکردن لە ئیرادەی خەڵک و پرۆسەی دیموکراسی و خەڵک زۆر نیگەرانە لە سیستەم و بەڕێوەبردنی ئیدارە لەو سنوورە و جگە لەوەش، خەڵک بەشدارییان کرد لە دەنگداندا، بەڵام ڕێز لە دەنگدان نەگیرا و ئەنجامەکان دزراون و چۆنیان ویستووە بەو شێوەیە کردوویانە و سیستەمەکەیان دەستکاری کردووە، بۆیە ئێمە هەر لە سەرەتای بانگەشەوە ناڕازی بووین، چونکە بانگەشەی ئەوان بە زمانی زبری ڕاگەیاندن دەستی پێ کرد و بە یەکترشکاندن و ڕێگرتن و تەقەکردن دەستی پێ کرد و دواتر هەرچەندە دەنگدان بە ئارامی بەڕێوە چوو، کە ڕێژەی بەشداریکردن کەم بوو، بەڵام لەو ناوچانەی جەماوەری پارتی لێ بوو ئەوان کێشەیان بۆ ئێمە دروستکرد و تەقەیان بەسەر خەڵکدا کرد و لە کادیری ئێمەیان دا و هەڕەشەیان لە کاندیدانی ئێمە کرد و بە نامە هەڕەشەیان لە دەنگدەران کرد، کە هاتینە سەر ئەنجامەکانیش بە ئارەزووی خۆیان دەستکاریی دەنگدانیان کرد. شێخ عەتا شێخ حەسەن گوتی: دواتر ئێمە کە داوامان کرد دەنگەکان بەدەست هەژمار بکرێنەوە، ئەوان هێزیان بۆ ناو بنکەکان نارد و بە هێز ڕێگرییان کرد و بریکارەکانی ئێمەشیان کردە دەرەوە، بۆیە ئێمە هەموو پرۆسەکە لە سنووری سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین بە پرۆسەیەکی دزراو دەزانین و دەنگی خەڵکیش بەغەدرلێکراو دەزانین. شێخ حەسەن باسی لەوەشکرد: چەندین بەڵگەمان لەبەردەستدایە، لەوانە ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵک لە 55% کەمتر بووە و ڕێژەی بەشداریکردنی هەڤاڵانی ئێمە زیاتر لە 90% بووە، بەڵام 50%ی دەنگی ئێمە کەمی کردووە و جگە لەوەش، لە یەکێک لە قوتابخانەکان لە سندووقێکی دەنگدان تەنیا یەک دەنگی ئێمە هەژمار کراوە، بەڵام بەدەست هەژمار کراوە 39 دەنگی پارتی تێدا بووە، بۆیە لە یەک سندووقدا 38 دەنگی ئێمە دزراوە و کاندیدمان هەبووە 400 کەس کاری بۆ کردووە، بەڵام ئەو دەنگانەی نەهێناوە و کاندیدیش هەیە لە لیستەکانی دیکە کە خەڵک هەر نایناسێ و دەزانین بایی چەندە و پێگەی چۆنە 50 بۆ 60 هەزار دەنگیان هێناوە، ئەمانە هەمووی بەڵگەن کە یاری بە دەنگەکان کراوە و بەڵگەی دیاریش هەیە، کە وتەبێژی یەکێتی باس لەوە دەکات، ئەوەی دستمان بۆ ڕاکێشێ دەستی دەشکێنین. گوتەبێژی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی – هەڵەبجە ڕوونیشی کردەوە: ئێمە سکاڵامان تۆمار کردووە و بڕیار بوو کۆمسیۆنیش لیژنە ڕەوانە بکات بۆ ئەو مەبەستە و لیژنەکەش هاتووە، بەڵام دەنگەکان ئاشکرا کراون و پێویست بوو کۆمسیۆن بەفەرمی وەڵام بداتەوە و ناکرێ بەو شێوەیە بێت و هێشتاش بوارێک بۆ سکاڵاکان ماون.

# عەلی عەونی: بەبێ مسۆگەرکردنی مافەکانی کوردستان بەشداری لە حکوومەتی عێراقدا ناکەین

### هاوپەیمانی سائیروون: عەلی دەوای کاندیدی ئێمەیە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکوومەت

دوای ئەوەی ئەنجامە بەراییەکان لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە لە ڕاگەیەندرا و هاوپەیمانی سائیروون بە سەرۆکایەتی موتەدا سەدر پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی شارە عێراقییەکان بەدەستهێنا، ئێستا پرسی پێکهێنانی کابینە بووەتە جێگەی مشتومڕی ناوەندە سیاسی و شەقامی عێراقی. لەمبارەیەوە سەلاح عوبێدی، گوتەبێژی ڕەوتی سەدر بۆ ڕووداو ڕایگەیاندووە، ئەوان دەیانەوێت حکوومەتی داهاتوو تەکنۆکرات بێت و کاندیدی خۆیان هەیە بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق. وەک گوتەبێژی ڕەوتی سەدر ناوی کاندیدەکەیانی ئاشکراکرد و ڕایگەیاند، کاندیدەکەمان عەلی دەوای، پارێزگاری ئێستای میسانە، کە لە لایەن ڕەوتی سەدرەوە کاندید دەکرێت بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق. هاوکات سەلاح عوبێدی ئاماژەی بەوەشکرد، ئەوان ئامادەن بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لەسەر پۆستی سەرۆکوەزیران و مەرج نییە ئەوە کاندیدی کۆتایی ئێمە بێت. هاوکات جەختیکردەوە لەوەی کە حکوومەتی داهاتوو تائیفی و حزبی نابێت و حکوومەتێکی تەکنۆکراتە.

عەلی عەونی ڕایگەیاند:، ئەمجارە کورد بە مەرج بەشداری لە حکوومەتی عێراقدا دەکات، کە مافەکانی گەلی کورد مسۆگەر بکرێن، چونکە لە سەردەمی مەلەکییەوە تاوەکو مالیکی و عەبادی کورد بەشداری کردووە و هەموو جۆرە پۆستێکیشی هەبووە، کەچی کێشەکان بەردەوام بوونە، بۆیە ئەمجارە پێویستە مافەکانی کورد بدرێن.



ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، عەلی عەونی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: خەبات و تێکۆشانی پارتی پێویست بوو دەنگی زیاتر بەدەست بێنێت و 90%ی دەنگی بەدەستهێنابووایە، چونکە کاتێک پارتی شەڕی داعشی دەکرد، هەندێک لایەن نەیاندەوێرا دوعاش بۆ پێشمەرگە بکەن، بەپێچەوانەوە خەریکی شکاندنی ورەی پێشمەرگە بوون و جگە لەوەش شەڕی حەشدی شەعبیمان کرد و خەڵکیش نیوەی خاکی کوردستانی لە 16ی ئۆکتۆبەردا فرۆشت و لە حکوومەتیش تەنیا پارتی خۆی کردە بەرپرسیار و لە ڕیفراندۆمیش کە سەرکەوتنی هێنا بۆ مێژوو بووە بەڵگەیەک بۆ کورد، ئەوانەش خۆیان لێ دوورخستەوە، بۆیە پێویستە خەباتی خۆمان فراوانتر بکەین و کاری زیاتر بکەین کە خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە متمانەی بە پارتی بەخشیوە. عەلی عەونی گوتیشی: ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە سەلماندی کە حکوومەتی زۆرینە سەرکەوتوو نابێت، چونکە هیچ لایەنێک زۆرینە نییە، بۆیە حکوومەتی داهاتووی عێراق پێکهێنانی ئاسان نابێت، ئەگەر تەوافوق نەبێت، چونکە مالیکی و عەبادی ویستیان بە زۆرینە حکوومەتی عێراق بەڕێوە ببەن، کوردستانیان لە خۆیان کردە دوژمن. عەونی ڕوونیشی کردەوە: بەبێ مسۆگەرکردنی مافەکانی گەلی کوردستان بەشداری لە هیچ حکوومەتێکی عێراقدا ناکەین، چونکە لە سەردەمی مەلەکییەوە تاوەکو مالیکی و عەبادی هەموو پلە و پۆستێکمان لە بەغدا هەبوو و کێشەکانیش هەر بەردەوام بوونە، بۆیە گەر مافی کورد نەدرێت، ناچینە ناو حکوومەت بۆ ئەوەی بۆ ئەوانی دروست بکەین و دواتریش پابەندی ڕێککەوتنەکان نەبن.

# ئیندیپێندێنت: ئەمەریکا ناتوانێت لەڕووی سیاسییەوە عێراق لە ئێران داببڕێت



ڕۆژنامەی "ئیندیپێندێنت"ی بەریتانی بڵاویکردووەتەوە، بە گوێرەی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی عێراق و دەرکەوتنی قەبارەی لایەنەکان کە هەندێکیان واشنتۆن و هەندێکیشیان تاران پاڵپشتییان دەکات، ڕەنگە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ئێران بە یەکدا بدات و عێراق ببێتە مەیدانی ململانێیەکی نوێ. ڕۆژنامەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات، لە هەڵبژاردنەکەی عێراق، هەریەک لە ئەمەریکا و ئێران پشتیوانی لایەنی جیاواز دەکەن، بۆ ئەوەی هەریەکەیان بتوانن حکوومەتی داهاتووی عێراق بەلای خۆیاندا کێش بکەن. هەروەها بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکە، عێراقییەکان ترسیان لەوە هەیە وڵاتەکەیان ببێتە مەیدانی ململانێی نێوان ئەمەریکا و ئێران، پێدەچێت بەلای کەمەوە ململانێکانیش لە بەرژەوەندی تاران تەواو بێت، بەوپێیەی زۆرینەی دانیشتووانی عێراق شیعە ئایینزان.

لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: پرۆسەی دوای هەڵبژاردن پرسیاری سەرەکی لەخۆ دەگرێت، وەکو: داهاتووی 10هەزار سەربازی ئەمەریکی و بەڵێندەرایەتی سەربازی ئەمەریکا لە عێراق چی دەبێت، کە بوونییان بووەتە پێویستی، هاوشێوەی سەروبەندی بەر لە تێکشکاندنی داعش؟ لەگەڵ ئەوەشدا واشنتن سزای توندی بەسەر ئێراندا سەپاندووە، ئایا ئەو کەسایەتی و بانک و کۆمپانیا عێراقییانەی بازرگانی لەگەڵ ئێران دەکەن سزا دەدرێن؟ ئێستا ئێران چەند بازرگانییەک لە ڕێگەی بەغداوە دەکات، بۆیە پێویستە لەسەر ئەمەریکا بە هۆشیارییەوە مامەڵە بکات، ئەگەرنا هاوپەیمانە لۆکاڵییەکانی لە بەغدا لەدەستدەدات . بە گوێرەی ڕۆژنامەکە، کێشەکە لەوەدایە، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا، وادەزانێت دەتوانێت لەڕووی سیاسییەوە عێراق لە ئێران داببڕێت، بەڵام ئەوە هەرگیز ڕوونادات، وەک پێدەچێت وادەزانێت توانای گۆڕینی ڕژێمی ئێرانی هەیە لە ڕێگەی سەپاندنی سزاوە، بەڵام هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی بڕوا بکرێت ئەوە ڕوودەدات، چونکە ترەمپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەڕ ناخوازێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت بەبێ شەڕ بتوانێت ئەو شتەی دەیەوێت، بەدەستیبهێنێت.

**سەرچاوە: کوردستان24**

## پارتی دامەزراندنی 56 ساڵەی یەکێتیی مامۆستایان پیرۆزدەکان

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی دامەزراندنی 56 ساڵەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا پیرۆزبایی لە تێکڕای مامۆستایان دەکات، هەروەها لە بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتیدا هاتووە: یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان هەر لە دەستپێکی دامەزراندنییەوە لە 1962/5/15 بە گیانی ڕێکخراوانە و پیشەییانە لە خەبات و قوربانیدان نەسرەوتووە و لەو ڕێگا پیرۆزەشدا توانیویەتی دەستکەوتێکی زۆر و شایستە بۆ توێژی مامۆستایان بەدیبێنێت.

دەقی بەیاننامەکەیە:

بەڕێزان سکرتێر و ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بە بۆنەی 56هەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوە و تێکڕای مامۆستایانی کوردستان دەکەین، ئومێدەوارین وەک هەمیشە دڵسۆزانە و بەرپرسانە بۆ خزمەتکردنی توێژی مامۆستایان و پشتیوانیکردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەردەوام بن.

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، هەر لە دەستپێکی دامەزراندنییەوە لە 1962/5/15 بە گیانی ڕێکخراوانە و پیشەییانە لە خەبات و قوربانیدان نەسرەوتووە و لەو ڕێگا پیرۆزەشدا توانیویەتی دەستکەوتێکی زۆر و شایستە بۆ توێژی مامۆستایان بەدیبێنێت، کە بەڕاستی مایەی ڕێز و شانازییە بۆ گەلەکەمان بە گشتی و توێژی مامۆستایان بەتایبەتی. یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، شانبەشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتدا بەشداری لە ڕەوتی سیاسی و چەکداری گەلەکەماندا کردووە، لەو پێناوەشدا وەک ڕێکخراوێکی پیشەیی ڕۆڵی دیار و بەرچاوی خۆی هەبووە و هەوڵی زۆریداوە لەپێناو سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجە پیشەییەکانی لەڕووی پەروەردە و فێرکردن لە چوارچێوەی مافە سیاسی و فەرهەنگی و کولتورییەکاندا. کاتێک ئێمە ئەو یادە پیرۆزە بەرز هەڵدەسنگێنین و دەینرخێنین وەک هەمیشە پشتیوانی خۆمان بۆ یەکێتییەکەتان دووپاتدەکەینەوە.. هیوادارین بە هەمان ڕۆحییەتی کوردپەروەری و نیشتمانپەروەرییەوە زیاتر برەو بە کار و چالاکییەکانتان بدەن و داکۆکی لە مافە پیشەییەکانتان بکەن و دەستکەوتی زیاتر بۆ سەرجەم مامۆستایان بەبێ جیاوازی بەدیبێنن و داکۆکی لەو ئەزموونە و دەستکەوتەکانمان بکەن. لەو بۆنەیەدا سڵاو و ڕێز و وەفادارییی بۆ دامەزرێنەران و سەرۆک و سکرتێرە پێشەنگەکانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان.. جارێکی دیکە پیرۆزبێت 56 هەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**2018/5/14**

## بە گوێرەی ئەنجامە بەراییەکان پارتی لە دەرەوەی وڵات لە پلەی یەکەمدایە

دوای ئەوەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق، بڕیاریدا دەست بە پرۆسەی هەژمارکردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان بکات لە دەرەوەی وڵات و بەپێی ئەنجامە بەراییەکان، لیستی 184ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پلەی یەکەمدایە. دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، خشتەیەکی ئەنجامی دەنگدانی دەرەوەی وڵاتی بڵاوکردەوە کە بەپێی ئەنجامەکە پارتی لە پلەی یەکەمدایە.

ئەنجامی بەرایی دەنگەکانی دەرەوەی وڵات

| ژ | وڵات | پارتی | یەکێتی | گۆڕان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هۆڵەندا | 513 | 197 | 324 |
| 2 | نەرویج | 543 | 169 | 342 |
| 3 | فینلەندا | 125 | 92 | 103 |
| 4 | فەرەنسا | 27 | 21 | 11 |
| 5 | نەمسا | 138 | 52 | 60 |
| 6 | دانیمارک | 276 | 76 | 37 |
| 7 | بەلجیکا | 208 | 42 | 23 |
| 8 | بێرمینگهام / بەریتانیا | 217 | 141 | 417 |
| 9 | لەندەن / بەریتانیا | 163 | 101 | 173 |
| 10 | مانهایم / ئەڵمانیا | 624 | 250 | 227 |
| 11 | بەرلین / ئەڵمانیا | 261 | 99 | 102 |
| 12 | کیل / ئەڵمانیا | 336 | 122 | 121 |
| 13 | کۆلن / ئەڵمانیا | 1358 | 298 | 558 |
| 14 | میونشن / ئەڵمانیا | 543 | 105 | 181 |
| 15 | شتوتگات / ئەڵمانیا | 305 | 148 | 158 |
| 16 | هانۆڤەر / ئەڵمانیا | 976 | 287 | 135 |
| 17 | دالاس / ئەمریکا | 413 | 5 | 11 |
| 18 | واشنتۆن / ئەمریکا | 117 | 30 | 20 |
| 19 | فلۆریدا / ئەمریکا | 63 | 0 | 0 |
| 20 | ئوستراليا و نیوزیلەندا | 148 | 78 | 31 |
| 21 | سوید | 1227 | ــــ | ــــ |
| | کۆی گشتی | 8446 | 2232 | 3002 |